# ئەگەر دەتانەوێت شتێکتان دەدەمێ، بەڵام هیچ بەشێکی تێدا نییە بۆ کەسێکی دەوڵەمەند، یان بۆ کەسێک کە بەهێزە و توانای پەیداکردنی بژێوی هەیە

لە عوبەید اللە کوڕی عەدی کوڕی خیارەوە دەڵێت: دوو پیاو هەواڵیان پێدام کە هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجی ماڵئاواییدا لەکاتێکدا خەریکی دابەشکردنی خێر بوو، و داوای بەشێکیان لێکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەریانەوە تا خوارەوە سەیری کردن، و بینی کە بەهێز و توندوتۆڵن، پاشان فەرمووی: «ئەگەر دەتانەوێت شتێکتان دەدەمێ، بەڵام هیچ بەشێکی تێدا نییە بۆ کەسێکی دەوڵەمەند، یان بۆ کەسێک کە بەهێزە و توانای پەیداکردنی بژێوی هەیە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي)]

دوو پیاو هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجی ماڵئاواییدا، لە کاتێکدا خێری دابەش دەکرد، و داوایان لێکرد کە خێریان پێ ببەخشێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند جارێک سەیری کردن بۆئەوەی حاڵیان بزانێت، و بۆی دەربکەوێت ئایا خێر بەخشین پێیان؛ حەڵاڵە یان نا ؟ بۆی ڕوون بوویەوە کە دوو پیاوی بەهێزن، فەرمووی: ئەگەر دەتانەوێت؛ هەندێکتان پێدەدەم لە خێرەکە، بەڵام لەم خێرە؛ هیچ بەشێکی تێیدا نییە بۆ ئەو کەسەی کە پارە و سامانی هەیە و بەشی دەکات، و نە بۆ ئەو کەسەی کە توانای کارکردن و بەدەستهێنانی پارە و سامانی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەمەی کۆتا پارە و ماڵیشی نەبێت؛ دەوڵەمەندە و بێ پێویستە بەهۆی ئەوەی بەهێز و توانای بەدەستهێنانی بژێوی هەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65620